# پەسنکردنی ئەسپێکت و لێکچوون و جیاوازیی لەگەڵ تێنس و مود لە زمانی کوردیدا

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ کاتیگۆریی ئەسپێکت، یا جەختکردنەوەی باری سەرنج لە بارودۆخی دەربڕاو، هەروەها لێکچوون و جیاوازیی لەگەڵ تێنس و مود تەرخانکراوە، واتە خستنەڕووی لایەنی ڕێزمانی و بونیاتی واتایی "ئەسپێکت" لە زمانی کوردیدایە، لە ئەم پێناوەشدا زۆر لایەن و بابەت دەبنە کەرەستەی توێژینەوەکە، تاوەکو پشتبەست بە یاسا جیهانییەکان جەخت لە لایەنی مۆررفۆلۆژیکەڵی/ وشەسازییانە، سینتاکتیکی و واتایی کاتیگۆریی ئەسپێکت بکرێتەوە، چونکە کوردی زمانێکی تێنسییە وەك ئەوەی ئەسپێکتی بێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ئەسپێکتی نییە، بەڵکو ئەوە ڕاستییەکە و یەکلاکراوەتەوە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ زمانەکان شیدەکرێنەوە و پەسندەکرێن، تا توخم و دروستەی کردارەکانیان بخرێتەڕوو، بەڵام باسکردن لە ئەسپێکتی کوردی لە توێژینەوەی سەربەخۆدا دەگمەنە، بۆیە ئەنجامدانی ئەم کارە، لەگەڵ هەندێک بابەتی نزیکی دیکەدا بە پێویست زانرا. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە و گەیشتن بە ئەنجامە دیاریکراوەکان ڕێبازی نوسینەوەی (پەسنیی شیکارانە) پەیڕەوکراوە، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەمی کەرەستە و نموونە بەکارهاتووەکانیش سوود لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی (زمانی کوردی ــ زاری نێوەڕاست ــ شێوەزاری سلێمانی)، لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەنجامدانی کارەکە وەرگیراوە. دروستەی پار و بابەتەکانیشی، جگە لە پێشەکی، کە دەستپێکێکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بەسەر سێ پاردا دابەشکراوە: لە پاری یەکەمدا سەرەتایەک دەربارەی ئەسپێکت و بنەماکانی کارکردنی باسکراوە. پاری دوهەم: بۆ دروستەی ئەسپێکت و چەند بنەمایەکی دیکەی تایبەتکراوە، لە پاری سێهەم و کۆتاییشدا لێکچوون و جیاوازیی ئەسپێکت لەگەڵ تێنس و موددا نیشاندراوە، لە دوا پەڕەکانیشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** کاتیگۆری، ئەسپێکت، تێنس، مود، بارودۆخ.

## پێشەکی [1]

کاتیگۆرییەکانی کردار ناوبەند پێوەندن، بە جۆرێک زۆرجار ناونان، یاخود دیاریکردنی سنور، ئەرک و ڕۆڵی هەریەکێکیان کارێکی سرک و ئاڵۆز دەبێت، بە نموونە لە بارەی بیچم/ فۆڕمێکی دیاریکراوی، وەک (هات)ەوە دەشێت، لە چەندین باری سەرنجەوە قسەبکرێت، بە جۆرێک: لە باری سەرنجی >>ئەسپێکت ــــ Aspect<<ــــەوە، ئەسپێکتی پێرفێکتیڤە، لە باری سەرنجی >>تێنس/ تاف ــــ Tense<<ــەوە، کرداری ڕابردووە، لە باری >>موداڵێتی ــــ Modality<<شەوە، موداڵێتیی هەقیقەتە، سەبارەت بە >>ماوە ــــ Space<<ش، ئەوا خودی کردەکە، وەک >>دەستکەوت ــــ Achievement<< مامەڵەدەکات، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە پشت بە ئەو ماوەیە دەبەستێت،کە لێیەوە هاتووە، لە کاتێکدا >>کات ــ Time<< توخم و یەکەی هاوبەشە لە نێوان هەریەک لە ئەو کاتیگۆرییانەدا، هەر بۆیە سەرلێتێکدان و تێکچڕژانێک بە درێژایی توێژینەوەکان سەرهەڵدەدات.

پشتبەست بە ئەو ڕاستییەی خرایەڕوو، ئەم توێژینەوەیە، وەک سەرەتایەک و چوونە نێو بابەتەکانی کرداری کوردییەوە ئەنجامدراوە، کە خوێنەر بە تایبەتمەندییەکی کردار لە زمانەکەیدا ئاشنادەکات، چونکە بناخەیەک بۆ شیکردنەوە و پەسنکردنی کاتیگۆریی ئەسپێکت، لەگەڵ چۆنیەتیی دەرکەوتنی و بەراوردکردنی بە دوو کاتیگیۆری دیکەوە لە زمانەکەیدا دەخاتەبەردەست. بە واتا ئەم کارە بۆ "پەسنکردنی ئەسپێکت"، یا کردنەوەی دەرگایەکی گفتوگۆ لە بارەیەوە تایبەت و تەرخانکراوە، لە پێناو دیاریکردنی سنور و مەودا و چۆنیەتیی کارکردنی و جۆر و بنەماکانی لە زمانی کوردیدا، چونکە کوردی زمانێکی تێنسییە وەك لەوەی ئەسپێکتی بێت، لە ئەمەشدا لە ئینگلیزی دەکات، بە پێچەوانەی ڕوسییەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر زمانێکی ئەسپێکتییە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نادات، کە کوردی ئەسپێکتی نییە، بەڵکو ئەوە ڕاستییەکە و بڕاوەتەوە، بۆیە لە پێناو نیشاندانی ئەم لایەنە ژمارەیەك لە فۆڕمی تێنسی- دیاریکراو لە کوردیدا دەخرێنەپێشچاو، کە ڕاستەوخۆ جەخت لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی بارودۆخەکان دەکەنەوە.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی وەرگرتن ١٣ حوزەیرانی ٢٠٢٤، پەسەندکردن: ٤گەلاڕێزان ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٧ ڕەزبەر ٢٠٢٥ بلاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ خۆشناو عەزیز حەمەئەمین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** کاتیگۆرییەکانی کردار و ژمارە و چۆنیەتیی دەرکەوتنیان، لە ئەو بابەتە گرنگانەیە، کە لە ئەمڕۆی زمانەوانیدا گرنگی و بەهای خۆیان هەیە، یەکێک لە ئەوانەش ئەسپێکتە، بەڵام وەک زۆر بابەتی دیکە لە زمانەوانیی کوردیدا بایی پێویست لای لێنەکراوەتەوە و کەمتر دەستی بۆ براوە، ئەوەی هەیە لە ئێرە و لە ئەوێدا، یاخود لە چوارچێوەی کاری دیکەدایە، نەک بەرهەمێکی سەربەخۆ، تەنانەت زۆرجار تێکەڵکراوە، یاخود پتری ئەو کارانە بۆ مۆرفیمەکانی گەیاندن و نواندنی ئەسپێکت تایبەتکراون، نەک پەسەندکردنی کاتیگۆرییەکە و چۆنیەتیی نواندنی و بەراوردکردنی، بۆیە لە پێناو توێژینەوەی زانستییانەدا، هەروەها کردنەوەی دەرگایەکی گفتوگۆ بۆ نیشاندانی باری سەرنجی پێچەوانە و جیاواز پێویستبوو ئەو کەلێنە پڕبکرێتەوە، کەواتە دەشێت هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەو پێویستییە هەنووکەییە بگەڕێتەوە، کە بۆ تەواوکردنی بوار و بابەتەکانی زمانەوانیی کوردی دەبێت ئەنجامبدرێت.

**سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا شێوەزاری (سلێمانی) لە دیالێکتی کوردی ناوەڕاستدا بە سەنگی محەک دانراوە و نموونە و داتاکانی لێوەرگیراوە، بە جۆرێک ئەم نموونانە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەو سنورە هێنراونەتەوە، تا ڕوونکردنەوە و پەسەندکردنەکان بسەلمێنرێن، بە واتا نموونەکان بۆ ئەو داتایانەن، کە نەخشەی بنەڕەتیی بەکارهێنانی دروستەی ئەسپێکت و کرداری ئەسپێکتی لە زمانی کوردیدا دەکێشن.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** بۆ هێنانەدی ئەنجامە دیاریکراوەکانی توێژینەوە لە کاتیگۆریی ئەسپێکت لە زمانی کوردیدا، هەروەها لێکچوون و جیاوازیی لەگەڵ کاتیگۆرییەکانی دیکەی کردارشکاندنەوەدا، ڕێبازی پەسنیی شیکارانە بەکاربراوە، کە دوای کۆکردنەوەی داتا بە شێوەیەکی بابەتییانە هەوڵدراوە بابەتەکان بە جیا لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە ڕوونبکرێنەوە، پاشان بەپێی پێویستی ئەو بابەتانە، نموونەیان بۆ بهێنرێتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پەسەندکردنی لایەنی ڕێزمانی و بونیاتی واتایی و مەبەستی کاتیگۆریی ئەسپێکتە لە زمانی کوردیدا، کە لە پاڵ کاتیگۆرییەکانی "تێنس، مود و کات"دا پەیوەست بە فۆرمی کردارەوە و لە سنوری کردار توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت، بە جۆرێک تێیدا پشتبەست بە یاسا جیهانییەکانی بواری زمانەوانی جەخت لەسەر لایەنی مۆرفۆلۆژیکەڵی / وشەسازییانە، سینتاکتیکی و واتایی ئەسپێکت لە زمانی کوردیدا دەکرێتەوە، بۆیە ئەم کارە هەنگاوێک دەبێت ڕووەو دانانی بنەمای زانستی لە نێو توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، چونکە هەوڵدەدات پێوانە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی زانستییانەی چۆنیەتیی نواندن و جۆرەکانی ئەسپێکت، لەگەڵ بەراوردکردنی بە تێنس و مود بدۆزێتەوە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی کارەکە لە ئەوە دایە، کە بۆشاییەکی گەورەی لە بواری توێژینەوە لە دروستەی کرداردا پڕکردووەتەوە، چونکە وەک ئەوەی بزانرێت، تاوەکو مێژووی نوسینی، دەگمەنە بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکارییەکان و پەسەندکردنی ئەسپێکت و دروستەی کرداری ئەسپێکتی، لەگەڵ نیشاندانی لێکچوون و جیاوازیی لەگەڵ کاتیگۆرییەکانی دیکەی کرداردا کرابێت، تایبەت لە شێوەی سلێمانی کوردیی ناوەڕاستدا.

**خستنەڕووی پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** لە ئەم توێژینەوەیەدا زۆرتر جەخت لە بارەی ئەو پرسیارانەوە کراوەتەوە: ئەسپێکت، سەرباری پەسەندکردن و ناساندنی، چ پێوەندییەکی بە تێڕوانین لە بارودۆخی ناوەکیی کردارەوە هەیە؟ بە واتا کاریگەریی بەسەر ڕەفتاری بارودۆخ و کردەکان لەگەڵ کاتدا چۆن دەردەکەوێت، یا بە چ شێوازێک لێکدەدرێتەوە؟ لەگەڵ چۆنیەتی و جۆرەکانی دەرکەوتن و نواندنی ئەسپێکت لە دروستەی کرداری کوردیدا چۆنە، و لەسەر کام بناغەیە دامەزراوە؟ هەروەها تێکچرژان و تێکەڵبوونی ئەسپێکت، لەگەڵ کاتیگۆرییەکانی تێنس و موددا چۆنە؟ و پشتبەست بە چ پێوەرێک هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا دەکێشرێت؟

**دروستەی توێژینەوەکە:** جگە لە ئەم پێشەکییە و پوختە ، کە وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەوە پێشکەشکراون، هێنانەدی ئامانجەکە وایخواستووە، کە بەپێی پلانێک بەسەر سێ پاردا دابەشبکرێت، بە ئەم شێوەیە:

**پاری یەکەم:** لە ژێر ناونیشانی "**سەرەتایەک لە بارەی ئەسپێکت و بنەماکانی کارکردنییەوە**"دایە، کە تێیدا زاراوە و چەمکی ئەسپێکت، لەگەڵ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی، هەروەها ڕوانین و ڕاڤە بۆ ئەم کاتیگۆرییە و جۆرەکانی، پاشان پێڕەو / سیستەمی کارکردنی خراونەتەڕوو.

**پاری دووەم:** بۆ "**دروستەی ئەسپێکت و چەند بنەمایەکی دیکەی**" تەرخانکراوە، بە جۆرێک هەوڵدراوە لە: ئەکشنسات و ئەسپێکت، پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤ و تایبەتمەندییەکانیان، لەگەڵ بارودۆخی چرکەساتی، و نیشاندانی ئاڕاستەکراو و لەخۆگرتن، هەروەها تایبەتمەندیی ئەسپێکتی بتوێژرێتەوە.

**پاری سێیەم** و کۆتاییش، "**لێکچوون و جیاوازیی ئەسپێکت لەگەڵ تێنس و موددا**" دەگرێتەوە، کە تێیدا ناوبەند پێوەندیی و کارلێککردنی هەریەک لە کاتیگۆرییەکانی "تێنس و مود" لەگەڵ ئەسپێکتدا بە نموونە و لێکدانەوەی پێویستەوە، ڕوونکراونەتەوە.

خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ریزکردنی سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان بە دوای یەکدا، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە دەبنە کۆتایی ئەم هەوڵە.

## ١. سەرەتایەک لە بارەی ئەسپێکت و بنەماکانی کارکردنییەوە

لە ئەم پاری یەکەمەدا، وەک دەستپێک بە کورتی ئاماژەدان بە ئەسپێکت، لەگەڵ چەند زاراوە و بنەمایەکی بەپێویستدەزانرێت، چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بنەما و کارکردنی ئەسپێکتەوە هەیە، بۆیە ئەم پارە وەک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو بابەتەکانی ئەسپێکت و چۆنیەتیی بەکارهێنان و پەسەندکردنییەوە تەرخاندەکرێت، لەگەڵ هەندێک لایەنی بنچی و بنەڕەتیی دیکە، کە بۆ مەبەست و پەیامەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها پەیکاڵ لەگەڵ بەرنامە و پێڕستەکەیدا، ئەم پارە دەبێت بە پێویستییەک، یاخود مەرجێکی پێشەکی بۆ توێژینەوە و بە دواداچوون.

### ١.١ زاراوە و چەمکی ئەسپێکت

زاراوەی ئەسپێکت، بە واتای "ماوەی ڕوودانی کردار" دێت (قادر، ٢٠٠٣: ٦٣)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دیاریکردنی ئەسپێکت لە بواری "باری سەرنج" یان "جۆری بارودۆخ" و "چالاکی، جەختکردنەوە و گرنگپێدان"، جێبەجێدەکرێت، بە ئەمەش هاوتادەبێت بە "vid"ی ڕووسی، کە بە شێوەیەکی مێژوویی بۆ زاراوەی لاتینی "vider"دەگەڕێتەوە، کە بە واتای "to see" واتە "بینین" دێت، کە دەکاتە

Original Article |DOI: https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

"دونیابینی"، هەروەها زاراوەی یۆنانی "Eidos" بە واتای ئەوەی، كە دەبینرێت، لە فۆرم/ بیچم، شــــــكڵ و قەوارەوە (حەمەئەمین و ئەحمەد، ٢٠١٩: ١٢ ـــــــ ١٣)، بە لای (Porzig, ١٩٢٧: ١٥٢)ـەوە، ئەسپێكت وا دەبینرێت وەك ئەوەی، جەختكردنەوە و باری ســـــەرنج لە بارەی بارودۆخی دەربڕاووەوە بێت، لە تێڕوانینەكانی Comrie, (١٩٧٦: ٣)یشـەوە ئەسپێكت بریتییە لە "ڕێبازی باری سەرنجی جیاواز لە بونیادی كاتی پێكهاتەی بارودۆخێك"، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەســــپێكت وەک كاتیگۆرییەكی ڕێزمانی كردار، ئاماژە بۆ چۆنیەتیی دەربڕینی كاتێک دەكات، كە تێیدا ڕووداوێک یا بارێک ڕوویداوە (Leech, ٢٠٠٦: ١٣).

## ١. ٢ ئەسپێكت (ڕوانین و ڕاڤە)

ئەســــپێكت، ڕێگەی جیاوازە بۆ پەســـــنكردنی پێكهاتەی ماوەی ناوخۆی بارێک (Comrie, ١٩٧٦: ٣)، یاخود كاتیگۆرییەكە ماوەی ڕوودانی كردار لە ئێستا، ڕابردوو و ڕانەبردوودا دەخاتەڕوو، مەبەســــتیش لە مـاوە: ســــەرەتا و كۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون، یان درێژەكێشـان دەگرێتەوە، ئاشـكرایە ڕوودان و كاركردن سـەرەتا و دەستپێكردنی هەیە، كە دەشێت تا كاتی گوتن تەواوبووبێت، یان تەواونەبووبێت (قادر، ٢٠٠٣: ٦٣)، كەواتە ئەسپێكت ئەوەیە، كە چۆن سەرنج لە باری چالاكییەک دەدەین، كە لە ڕستەیەكدا باسدەكرێت، بە نموونە كاتێک دەگوترێت:

١) شێنێ هێشتا لە سلێمانی دەخوێنێت.

ئەو لە كاتی ڕابردوو، و تا كاتی قسەكردنیش هەر لە سلێمانی دەخوێنێت.

٢) وا بولبولەكە خەریكە مرداردەبێتەوە.

هێشتا مردارنەبووەتەوە، دەتوانیت بە ساغی ببینیت

كەواتە لە ئەسپێكتدا ڕووداو هێشتا تەواونەبووە، یا ماوە لە نێوان ڕووداوەكاندا هەیە، بۆیە پێویستە لە تێنس ـــــــ Tense جیابكرێتەوە، چونكە تێنس، بریتییە لە شوێنی ڕێزمـانی لە كاتـدا، هەرچەنـد لە هەنـدێـک زمـانـدا ئەم دوو كاتیگۆرییە بە قووڵی تێكەڵكراون، بەڵام لە زمانی كوردیدا وەک زمانی ئینگلیزی دەكرێت، جیابكرێنەوە، ئەگەر بە ئەو ڕوونیەش نەبێت، كە لە زمانی ئینگلیزدا هەیە (میراودەلی، ٢٠٠٧: ١٣٠)، وەک ئەوەی لە بابەتەكانی داهاتوودا ڕوونتردەبێتەوە.

بە گشتی زاراوەی ئەسپێكت لە ئەمڕۆی زانستی زماندا دوو جۆرە بەكارهێنانی هەیە، لایەنی بەر تەسک، كە ئاماژە بۆ كاتیگۆریی ڕێزمانی دەكات، واتە ئەوەی بە دروستە (Structure)ی بارێک، یاخود هەڵوەستەیەكی قسەكەرەوە پێوەندیدارە، لەگەڵ لایەنی فرەوان، كە ئەمەیان لایەنی لێكسیكۆن و بیرەكەی بەخۆیەوەدەگرێت (Asher, ١٩٩٤: ٢٤٠)، ئەم تێڕوانینە سنور و مەودای ئەسپێكت بەرفرەوانتردەكاتەوە، بە جۆرێک لە بری ئاستی دروستە و ڕێزمانی، ئاستی فەرهەنگیش دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، هەر كردارێک سەرباری ئەوەی لە لایەنی ڕێزمانییەوە ئەسپێكتی هەیە، ئەوا لە لایەنی فەرهەنگیشەوە ئەسپێكتی هەیە، ئەوەش وەک >>تێلیک ـ Telic<< و >>ئەتێلیک ـ Atelic<<، واتە >>ڕووداوی سنورداركراو<< و >>ڕووداوی سنوردارنەكراو<<، بۆ نموونە:

٣) باپیر ڕایكرد.

٤) باپیر پێنج كیلۆمەتر ڕایكرد.

كرداری (ڕاكردن) لە هەردوو ڕســـــتەكەدا، كردارێكی داینامیكییە، ئەگەرچی لە لای دروستەوە هەمان شتن، بەڵام لە ڕستەی (٤)دا دەربڕاوی (پێنج كیلۆمەتر) هاتووە، كە كردارەكەی ســــنورداركردووە، كەچی هەمـان كردار لە ڕســـــتەی (٣)دا سنوردارنەكراوە (عەبوزێد، ٢٠١٢: ٢٥).

لە دوای ئەم ڕوونكردنەوانەوە دەشێت، كە باوترین تێڕوانین بۆ ئەسپێكت، لە نێوەندی زانایانی بواری ئەســـپێكتی هاوچەرخ/ مۆدێرندا ئەوە بێت، كە لەســــەر ڕوانین و بۆچوونەكانی (Holt, ١٩٤٣: ٦)ـــەوە بیناكراوە، بە جۆرێک دەڵێت: زۆر لە زمانزان و قوتابخانەكان جیاوازی لە نێوان ئەســـپێكت و كردەدا دەكەن، تەنیا دوو ئەســـپێكت پەســــەنددەكەن. ئەوانەش بریتین لە پێرفێكتیڤ و ئیمپێرفێكتیڤ. كەســـانی دیكە، بۆ نموونە، Lyons و Comrie، هەندێك ئەســـپێكتی دیكەش دەخەنە ســــەر ئەو ئەسپێكتانە، بۆ نموونە، نەریت ـ Habitual، ستەیتیڤ ـ Stative، دووبارەبوونەوە ـ Iterative و ... تاد.

بە ئەم شـــێوەیە دەشـــێت، ئەســـپێكت ئەو كاتیگۆرییە بێت، كە لە ماوەی ڕوودانی كرداردا بەكاردێت، بۆیە دەكرێت، بگوترێت: پێواژۆیەكی ڕێزمانی كردارە (مۆرفۆلۆژی و ســینتاكسی ـ)یانە ماوەی ڕوودان بە ڕێكوپێكی دیاریدەكات، بەشـێكیان نیشـانەی ڕێزمانین ـــــ Grammar Marks، هەروەها بەشێكیش ئەسپێكتی فەرهەنگی، كە جۆرێكە لە كاریگەریی مـاوەی ناوخۆی كردار، بەرچـاوترین ڕێگەش لە پەیكاڵكردنی ئەسپێكتدا لە نێوان پێرفێكتیڤ و ئیمپێرفێكتیڤدایە.

## ١. ٣ تایبەتمەندییەكانی ئەسپێكت

بە گشـــتی لە دیدی ئەم توێژینەوەیە ئەســـپێكت لەگەڵ تێنســـــدا ناوبەند پێوەندە، هەروەها لە ڕێگەیەوە دەزانرێت، كە ئایا بارودۆخی باســـكراو بە تەواوی كەوتووەتە پێش كاتی ئێستا، یان دەشێت لەدوای ئەویشەوە بەردەوامی هەبێت، كەواتە دەشێت مەبەست لە ئەسپێكت ئەو ڕێگە جیاوازەبێت، كە بۆ تێڕوانین لە بونیاتی ناوەكیی كاتی بارودۆخەكان بەكاردەهێنرێت (Comrie, ١٩٧٦: ١٠)، لە ئەمەشـەوە دەشێت سەبارەت بە تایبەتمەندی و ئەدرگارەكانی ئەم كاتیگۆرییە، ئەمانە دیاریبكرێن:

١) پێڕەوێكی داخراون، بە واتا لە هەر زمانێكدا ژمارەیان ســــنوردار و ئەندامی تازە بەخۆناگرن، بۆیە بەر پۆلی داخراو دەكەون.

٢) ئەسپێكتە مۆرفۆلۆژیكەڵییەكان، وەک فۆرم دانەیەكی وشەگۆڕن، بە واتا لە چوارچێوەی فۆڕمی كرداردا دێنەئاراوە.

٣) ماوەیەك لەكات دەنوێنن.

٤) لەگەڵ تێنس، یاخود كاتی ڕێزمـانی كردار و شـــێوازە جیـاوازەكانیـدا پێكەوەدێن.

٥) مـاوەی ڕوودان بە ڕێكوپێكی دیاریـدەكەن، بەتایبەت لە وردكردنەوەی ماوەدا.

٦) دەرخەر و گەیەنەری واتای كردارن، تەنانەت لە ئەو فۆرمانەشـــــدا كە دەرناكەون، چونكە لە نێو فۆڕمی كرداردا تواونەتەوە، لە ئەم ئاســــتەشـــــدا بە (Generic) ناسراون، بە جۆرێک لە ئەم بارەدا ســیمای هەمیشـەیی و نواندنی بار لەكرداردا دەبێت بە ئەسپێكت (بڕوانە: قادر، ٢٠٠٣: ٦٦).

## ١. ٤ جۆرەكانی ئەسپێكت

پشتبەســت بە پێناسـە و تێڕوانینەكان لە بارەی ئەسپێكتەوە دوو جۆرە ئەسـپێكت لە زماندا جیاكراونەتەوە، یەكێكیان بەندە بە فەرهەنگ و بیركردنەوەوە، و ئەوی دیكەش بە نیشانەی ڕێزمانییەوە، كە دەشێت بە ئەم شێوەیە بخرێنەڕوو:

Original Article |DOI: https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

**ئەسپێکتی فەرهەنگی:** ئەسپێکتی فەرهەنگی، زاراوەیەکە ئاماژە بۆ ئەو توخم و یەکانە دەکات، کە وەك ئاماژەکەر ڕەفتاردەکەن، زۆرجار هەر دانەیەك لەوانە ئاماژە بۆ دانەیەك یان یەکێکی دیکە لە بەشێکی ڕووداوی دیاریکراو دەکات، کە لە تەواوکەرەکانیاندا ناویان هاتووە (Freed, ١٩٧٩: ix)، بیری سەرەکی ئەسپێکتی فەرهەنگیش بۆ زانا (کۆمری ـــ Comrie) دەگەڕێتەوە، کە باسی لە ئەسپێکتی نەگۆڕی کرداری ـــ Inhernt Aspect Verb کردووە (Comrie, ١٩٧٦: ٤١)، بە گشتی ئەو جۆرە ئەسپێکتە بە واتای ناوخۆی کردار، یا فەرهەنگی کردارەوە پێوەندیدارە.

لە هەمو زمانێکدا لە بری ئەسپێکتی ڕێزمانی، کە تایبەت بە دروستەی کردارن، ئەوا ئەسپێکتی فەرهەنگیش لە هەمان کاتدا بوونیان هەیە، بە جۆرێک ئەو کردارانەی داینامیکین کردەیەکیان تێدایە، کە ئەو کردەیە بۆ بارێک، یا ڕەوشێکی داینامیکی بەکاردەهێنرێت، هەروەها باری هەمیشەیی لەگەڵ کرداری ستاتیکدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە:

٥) قەندیل بەرزە.

کرداری ئەم ڕستەیە ستاتیکە، بۆیە ڕوودان هیچ جووڵەیەکی تێدا نییە، بەڵکو بارێکی هەمیشەیی نیشانداوە، کە لە تێڕوانینی (ئەبوبەکر عومەر قادر)ـەوە فۆڕمی {ـە} ئەسپێکتە، کە لە بارەیەوە دەڵێت: یەکێک لە ئەرکەکانی ئەسپێکت خستنەڕووی بارێکە لە کاتێکدا، کە دەشێت ئەو بارە هەمیشەیی بێت، وەکو ڕستەی (٥)، یاخود کاتی (قادر، ٢٠٠٣: ٦٥)، بۆ نموونە:

٦) ئەمڕۆ کەشوهەوا خۆشە.

باری کردار تەنیا لەسەر هەڵبژاردنی کردار ناوەستێت، بەڵکو بە هەندێک توخم و ئەلەمێنتی دیکەی دروستەکانەوە پێوەندیدارە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ناوبەند پێوەندییەک/ پێوەندییەکی ناوەکی لە نێوان واتای کردار و چەندیەتیی تەواوکەرەکانی کرداردا هەیە، کەواتە کردارەکان لەسەر بنەمای یەکە پێکهێنەرە سینتاکسییەکان لە ڕستە جیاوازەکاندا ئەسپێکتی فەرهەنگی جیاوازییان هەیە، بۆیە ئەم ئەسپێکتە بە هۆی هاتنی پێکهێنەری سینتاکسییەوە دەستنیشاندەکرێت (Asher, ١٩٩٤: ٢٤١).

٧) باپیر هات.

٨) باپیر بۆ زانکۆ هات.

ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانە بدەین، ئەوا لە ڕستەی (٨)دا دەربڕاوی (بۆ زانکۆ) هاتووە، کە ڕوودانی کردارەکەی سنوورداركردووە، هەر لە ئەم ڕوانینەوەیە، کە (سانیا جەبار عەبوزێد) لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئاوەڵکردارییە کاتییەکانش هەر ئەسپێکتی فەرهەنگین (بڕوانە: عەبوزێد، ٢٠١٢: ٣٧)، بۆ ڕوونکردنەوەی پتر ئەم نموونانە دەهێنینەوە:

٩) شێنێ گەڕایەوە.

١٠) شێنێ لە شەودا گەڕایەوە.

لە ڕستەی (١٠)دا بە هۆی کەرەستەی سینتاکسیی دیکەوە، کە ئاوەڵگوزارە یاخود فرێزی ئاوەڵکرداری کاتی (لە شەو)دایە ڕوودانی کرداری (گەڕایەوە) سنوورداركراوە.

**ئەسپێکتی ڕێزمانی:** کردار، پێکهاتووی سینتاکسییە ـــ Syntactic Construct، و دروستەی کردار لە چەندین توخم و ئەلەمێنت پێکدێت، یەکێک لە ئەوانە، ئەسپێکتە، کە ئەرکی جەختکردنەوە و باری سەرنجە لە بارەی بارودۆخی دەربڕراوەکانەوە. ئەسپێکتی ڕێزمانی لە زماندا بە ڕوونی دیارە و دەردەکەوێت، هەر زمانێکیش یاسا و بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە، هەبوونیشیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە، بەڵام بە زۆری لە دروستەی کرداردا، یاخود مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی کردارەوە دروستدەبێت، بە واتا لە ڕێگەی پێواژۆی ڕێزمانییەوە پەسندەکرێت (Asher, ١٩٩٤: ٢٤١).

کەواتە سەبارەت بە دابەشکردن و جیاکردنەوەی یەکە یا ئەسپێکتی ڕێزمانی دەشێت، لەسەر بنەمای دیاریکردنی یەکە پێکهێنەری مۆرفۆلۆژی (پێکهاتن) و سینتاکسی ــ (ڕاڤەکردن) بێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەسپێکی ڕێزمانی هەندێکجار بە ڕێگەی مۆرفۆلۆژی و هەندێکجاریش بە پێواژۆی سیناکسی- دێتەئاراوە، بەڵام بە گشتی لای زمانەوان و ڕێزمانوسە کوردەکان ئەسپێکتی ڕێزمانی بە مۆرفۆلۆژیی کردارەوە گرێدراوە، یا پێیانوایە لە نێو دروستەی کرداردا دێت، یاخود مۆرفۆلۆژیکەڵێیانە خۆی دەنوێنێت، هەر ئەسپێکتێکیش مۆرفیمی تایبەت بە خۆی هەیە، بە جۆرێک هەریەک لە ئەسپێکتەکانی (بەردەوامی، تەواو و دوور) بە پێواژۆی مۆرفۆلۆژیکەڵێیانە دەردەکەون (عەبوزێد، ٢٠١٢: ٣٨)، بۆ نموونە:

١١) أـــ باپیر نوستووە.

١١) ب ـــ باپیر نوستبوو.

١١) پ ـــ باپیر دەنوست.

لە ڕستەکانی (١١)دا مۆرفیمەکانی {ووە، بوو، دە} نوستنەکەیان، وەک تەواو، دوور و بەردەوام نیشانداوە، ئەگەرچی لە ڕووی تێنسەوە هەمویان ڕابردوون.

### ١. ٥ پێڕەوی کارکردنی ئەسپێکت

پێڕەوی ئەسپێکتی سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت، لە ئەو بارانەدا، کە کرداری ڕستە وەك کردارێکی کردەیی ڕەفتاردەکات، دواتر وەك داینامیك، ئەوانە پەسنی بارودۆخی ماوەدرێژی دەکەن، بە ئەوەش دەگوترێت: ڕەفتاری ئەسپێکتی، هەمان بارودۆخ دەشێت وەك کردە یان ڕووداو پێشکەشبکرێت. لە هەندێك زماندا "ڕووداو ـــ Event" و "کردە ـــ Action" بە هۆی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە لە پێڕەوی ئەسپێکتدا نیشاندەدرێن، ئەو کات مۆرفیم ئەرکی ئەو جیاوازییە لەئەستۆدەگرێت، جیاوازیی ئەسپێکتی، کە بە ڕێزمانی نەکراون یان لە ڕێزماندا ڕەنگیانەداوەتەوە، بۆ نموونە، "Static جێگیر"ـە، کە بۆ هەردوو ئەسپێکتی ڕاست و تایبەتمەندیی ئەسپێکتی بەکاردەهێنیرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی پتر با بڕوانینە ئەم نموونانە:

١٢) أـــ یاریمان کرد.

١٢) ب ـــ یاریمان دەکرد.

١٢) پ ـــ لە یاریکردندابووین.

١٢) ت ـــ خەریکی یاریکردنبووین.

١٢) ج ـــ خووم بە یاریکردنەوە گرتبوو.

ڕستەکانی (١٢)، وەکو تێنس هەمویان لە ڕابردوودان، بەڵام لە ڕووی ئەسپێکتەوە جیاوازییان هەیە، بە جۆرێک (١٢ ـــ أ) یاریکردنەکە وەک گشتییەک پێشکەشدەکات، لە کاتێکدا ڕستەی (١٢ ـــ ب) یاریکردنەکەمان وەک کردارێکی بەردەوام و لە (١٢ ـــ پ)شدا وەک کردارێکی بەردەوامی دوور، کە ڕادەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

بەردەوامییەکەی ئاشکرا نەکراوە، لە (١٢ ـــ ت)شدا خەریکبووین، یاخود ماوەیەکی باشبوو یاریماندەکرد، هەرچی (١٢ ــ ج)یشە، ئەوا خو و ڕاهاتنێک لەسەر کردەیەک ڕادەگەیەنێت، لە ئەمەشەوە هەریەک لە Comrie و Lyons پێیانوایە، کە ئەسپێکت لە لایەکەوە و ئەکشنسارت، لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بۆ جیاوازیی واتایی هەمان جۆر دەکەن. تاقە جیاوازییەك کە هەبێت لە زمانی دیاریکراودا، ئەوە لە دەربڕینی زاراوەی زمانی دیاریکراودایە.

بە ئەم شێوەیە جیاوازی لە نێوان "ئەسپێکت" و "ئەکشنسارت"دا دەبێت لەسەر بنەما و بناخەی واتا بێت، ئەوە لە لایەن Herman, ١٩٧٦), and (Forsyth, (١٩٧٠) جەختی لە بارەوە کراوەتەوە، بۆ نموونە، "ئەسپێکت تێڕوانینی قسەکەر یان نوسەرە بۆ کردە، یان بارودۆخی باسکراو"، (Bache, ١٩٨٢: ٦٤)، بە پێچەوانەوە، ئەکشنسارت دیاریدەکرێت وەك ئەوەی، ئەو ڕێبازە بێت، کە تێیدا "کردەیەك یان بارودۆخێك گەشەدەکات، یان بەردەوام دەبێت لە بارودۆخێکی دیاریکراودا" Forsyth, (١٩ :١٩٧٠)لە باری ئەسپێکتدا، دەڵێت: "قسەکەر یان نوسەر ئازادە لە هەڵبژاردنەکانی لە نێوان باسکردنی بارودۆخی پێرفێکتیڤ یان ئیمپێرفێکتیڤدا، کە بە هۆی کردارەکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە کاتێکدا ئەکشنسارت کاتیگۆرییەکی بابەتییە لە ئەوەدا پێکهێنەری هەقیقی بارودۆخی باسکراو هاوبەشی تێدا دەکات"، کەواتە ئەسپێکت پێماندەڵێت: چۆن بارودۆخ یان کردەکان لەگەڵ "کات"دا ڕەفتاردەکەن. واتە ئایا ڕووداوەکان لە باری تەواو، بەردەوام یان لە دووبارەبوونەوەدان یان نا، هەروەها بناخەی ئەسپێکت لە بنچینەدا لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان بارودۆخی پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤی دامەزراوە.

## ٢. دروستەی ئەسپێکت و چەند بنەمایەکی دیکەی

ئەسپێکت کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە و پێوەندیی بە باری سەرنجی قسەکەرەوە هەیە، سەبارەت بە کردەیەکی دیاریکراو لە دونیای هەقیقەتدا، لە بەر تیشکی ئەم تێڕوانینەوە ئەم پارە بۆ توێژینەوە لە دروستەی ئەسپێکت و نیشاندانی ئاراستەکراو و لەخۆگرتن لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەسپێکتی تەرخاندەکرێت، ئەم کارەش لە پێناو تێگەیشتنی پراوپڕی بابەتەکەیە، هەروەها دواتریش وەک چەترێک بابەتەکانی دیکەی باسەکە لەژێریدا جێگەیاندەبێتەوە.

### ٢. ١ ئەکشنسارت و ئەسپێکت

لە بواری توێژینەوەی ئەسپێکتدا چەند زاراوەیەك بەکاردەهێنرێن، بە نموونە، لە بری ئەکشنسارت زاراوەی "تایبەتمەندیی ئەسپێکت بەکاردەهێنێت"، کە پێشتر ئەو زاراوەیە لە لایەن Poutsmaـەوە بەکارهاتووە، هەروەها (Lyons, ١٩٧٧: ٧٠٦)یش تایبەتمەندیی ئەسپێکتی وەك ئەو بەشە ناساندووە، کە واتاکەی ئاماژە بۆ جۆرێکی تایبەت لە بارودۆخ دەکات زیادتر لە یەکێکی دیکەوە، چونکە بە لایەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا ئەوەیە، کە تایبەتمەندیی ئەسپێکت سروشتی سیمانتیکیی فەرهەنگییە، بۆیە ئەسپێکت بە گشتی چەندین لایەن دادەپۆشێت، یا چەندین جیاوازی دەگرێتەوە، کە ئاست و جیاوازییەکانی لەسەر بنەمای واتایی، ماوەدرێژی، زۆر ڕوودان، دووبارەوەبوونەوە، دەستپێکردن، تەواوبوون و هی دیکەش دانراوە.

### ٢. ٢ پێرفێکتیڤ

لە باری ناساندنی پێرفێکتەوە ئەوەی باوە، یا گوتراوە: ئەوەیە، کە ئاخێوەران، لە دەرەوە سەیری بارودۆخەکان دەکەن، بە واتا ناچنە نێو بارودۆخی باسکراوەوە، بۆیە بارودۆخەکە وەك دانەیەکی یەکگرتوو دێتەبەرچاو، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ پێکهاتە و هەنگاوەکانی دیوی ناوەوەی بارودۆخەکە کرابێت، جیاوازیی بەخورتی و پێویست لە بونیاتی ناوەکیی بارودۆخەکان لەبەرچاونەگیرێت، پێرفێکتیڤ چەقی دیوی دەرەوەی بارودۆخ دەگوازێتەوە، بانگی گوێگرەکانی دەکات، تا لە دەرەوەوە سەیری بارودۆخەکە بکەن، وەك یەك پارچە. بێشك، پێرفێکتیڤ وەك "کاتیگۆریی ئەسپێکت" مامەڵەدەکرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە، کە پێرفێکتیڤێتی جەخت لە باری سەرنجی بارودۆخێك دەکاتەوە، وەك دانەیەکی هەمویی، بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان هەنگاو و بەشە جیاوازەکانیدا بکات، کە ئەو بارودۆخە پێکدەهێنن (Comrie, ١٩٧٦: ١٦)، بە گوتەیەکی دیکە لەگەڵ "پێرفێکتیڤێتیدا"، قسەکەر لە دیوی دەرەوە سەیری بارودۆخی دیاریکراو دەکات، بە جۆرێک هەمو بارودۆخەکە وەك دانەیەکی یەکگرتوو، لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییدا دەبینێت، بۆیە پێکهاتە و هەنگاوەکان، کە بارودۆخەکەیان پێکهێناوە لێکجیاناکاتەوە، وەك لە ئەم دوو نموونەیەدا دەبینرێت:

١٣) خانووەکەی دروستکرد.

پێچەوانەی:

١٤) خانووەکەی دروستدەکرد.

دیارە سەبارەت بە هەمویی ـــTotality دەبێت ددان بە ئەو ڕاستییە دابنرێت، کە ناکرێت بۆ هەمو زمانەکان وەکیەك بێت، تەنانەت لە گەڵ ئیمپێرفێکتیشدا هەمو دانەکان هەمان خوێندنەوە وەرناگرن، بە شێوەیەک لە زمانە سلاڤییەکاندا زمانەوانەکان جەختیان لە ئەو لایەنە کردووەتەوە، چونکە جگە لە جیاوازیی پێرفێکتیڤ/ ئیمپێرفێکتیڤ وەك خوێندنەوەی ئەسپێکت هیچی دیکە وەرناگرن. ئەوە تا ڕادەیەك لە پێڕەوی ئەسپێکتی رووسیشدا هەروایە، بەپێی ئامارێك، کە لەلایەن Dahil ـــەوە ئەنجامدراوە جیاوازی پێرفێکتیڤ/ ئیمپێرفێکتیڤ لە زیادتر لە چلوپێنج زماندا ڕوودەدات و لە نێویاندا زمانی کوردییە. لە هەریەك لە ئەو زمانانەدا کاتیگۆریی پێرفێکتیڤ، وەك ئەندامی نیشانەکراو و ئیمپێرفێکتیڤێتی وەك نیشانەنەکراو مامەڵەدەکرێن، بە جۆرێک کاتیگۆریی پێرفێکتیڤ زیادتر مەیلی بە لای ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوودا هەیە (Dahil, ١٩٨٥: ٧٩)، ئەوە وەك ڕوخسار و تایبەتمەندیی دوهەمی پێرفێکتیڤ دەزانێت، یا پێیوایە، کە لە هەمو زمانەکاندا، ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو پەسنی بەکارهێنانەکانی نموونەیی پێرفێکتیڤ دەکات، ڕووداوە تەواوبووەکان لە بەکارهێنانە نموونەییەکاندا لە ڕابردوودا دادەنرێن، زمانەکان جیاوازن، سەبارەت بە ئەوەی تا چ ڕادەیەك و بە شێوەیەکی بەرفرەوان ڕێگە بە پێرفێکتیڤ دەدەن، تا لە ئاماژەکردنی کاتی نا-ڕابردوودا بەکاربهێنرێت.

**تایبەتمەندیی پێرفێکتیڤ:** بە شوێن (Dahil, ١٩٨٥:٧٨-٨٠)دا، هەمو ئەوانەی لەسەر کاتیگۆریی ئیمپێرفێکتیڤ کاردەکەن، لە ئەو باوەڕەدان:

(أ) پێرفێکتیڤ، ئاماژە بۆ ڕووداوێکی تاك دەکات، کە ناتوانرێت لەوە زیادتر لێکبدرێتەوە، خاڵی کۆتایی دیار بەخۆوەدەگرێت، بە زۆری لە ڕابردوودا ڕوودەدات، ئەمە تایبەتمەندییەکی زۆینەی ئەو زمانانەیە، کە جیاوازیی پێرفێکتیڤ/ ئیمپێرفێکتیڤ بەخۆوەدەگرن، بەڵام ناکرێت ئەوە لە هەمو زمانەکاندا هەمان شت بێت.

Original Article |DOI: https://doi.org/١٠،١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

(ب) پێرفێکت یان پێرفێکتیڤ بە هۆی نیشانەی مۆرفۆلۆژیکەڵی و نیشانەی پاشگری بکەرییەوە دیاریدەکرێت، سەبارەت بە پێرفێکتیڤ/ ئیمپێرفێکتیڤ دەکرێت ئەو پرسیارانەی لای خوارەوە بکرێن:

- ئایا ڕابردوو تەنیا بۆ ڕابردوو سنوردارکراوە، یان چی؟
- ئایا ڕابردوو بۆ ئیمپێرفێکتیڤ سنوردارکراوە؟

جیاوازییەکە لە ئەوەدایە، پێرفێکتیڤ لەسەر ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو سنوردارکراوە، بەڵام دەشێت لێکدانەوە و دیاریکردنەکەی بۆ "پێرفێکتیڤ" و "ئیمپێپێرکتیڤ"یش بەکاربهێنرێت، ئەگەر بەکارهێنانی فۆرمی پێرفێکتیڤ ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو بگەیەنێت، نیشانەی زیادتر بۆ ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو پێویستناکات.

لەکاتێکدا، کە قەدی تێنسی کاری ڕابردووی پێرفێکتیڤ واتای ئەوە دەدات، کەسێك لە ڕاستیدا کردەیەکی کردووە "یان تەواوی کردووە"، تێنسی— ڕانەبردووی کرداری ئیمپێرفێکتیڤ تەنیا واتای وایە، "کەسێك دەستیکردووە بە کردەیەك (بەڵام تەواوی نەکردووە)" یان کەسێك هەوڵیداوە کردەیەك بکات (بەڵام سەرنەکەوتووە)، بە ئەم شێوەیە تێنسی— ڕابردووی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ لە ئیمپێرفێکتی لاتینی دەکات (Dahil, ١٩٨٥:٨٨).

ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ/ بەردەوامی بەپێی ئەو ئامارەی لە لایەن (Dahil, ١٩٨٥ )ـەوە کراوە، لە بیستوهەشت زماندا دەبینرێت، لە زۆربەیاندا بە شێوەی پەراوێزی، کە لە نێویاندا کوردییە، ڕوودەدات. نموونەی یەکەمی توخمی خۆیی پرۆگرێسڤ، وەك وەچەبەشی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ دیاریدەکرێت، لە ئەو زمانانەدا، کە پێڕەوە ئەسپێکتییەکەیان لە سەر بنەمای جیاوازیی پێرفێکتیڤ/ ئیمپێرفێکتیڤ کاردەکات، پرۆگرێسڤ لە سەر بنەمای "on-going activiy" کردەی گەشەکردوو بونیاتدەنرێت، بە لای (Comrie, ١٩٧٦)یەوە، پرۆگرێسڤ بەشێکە لە ئیمپێرفێکتیڤێتی، نەك بە پێچەوانەوە، بۆیە بە پێچەوانەی ئیمپێرفێکتیڤەوە سەربەخۆیە لە ئاماژەکردنی کاتی، چونکە: (أ) لە ڕابردوو نا-ڕابردوشدا ڕوودەدات، (ب) لە نا-ڕابردوودا خوێندنەوەی نەریت لەدەستدەدات، (پ) بە پێچەوانەی ئیمپێرفێکتیڤەوە، پرۆگرێسڤ لە کوردیدا بونیاتی پارافرێزی/ دارشتنەوەیی بەخۆوەدەگرێت، (ت) لە کاتێکدا ئیمپێرفێکتیڤ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هەردوو کردارە ستەیتیڤ و داینامیکییەکاندا ڕوودەدات، و پرۆگرێسڤ تەنیا لەگەڵ فۆرمی تێنسی داینامیکییەکاندا گونجاوە. (ج) بە پێچەوانەی پرۆگرێسڤەوە، کە هەمیشە باسی کردەی کاتی دەکات، ئیمپێرفێکتیڤ پەسنی ڕاستی دەکات

(بۆ زانیاری زیادتر دەربارەی ئەم بنەمایانە، بڕوانە: ئەحمەد و حەمەئەمین، ٢٠١٨: ٩٦ _ ١٠٤).

## ٢.٣ ئیمپێرفێکتیڤ

تەواو بە پێچەوانەی پێرفێکتیڤێتییەوەیە، ئاخێوەران لە ناوەوە سەیری ڕوودۆخەکان دەکەن، وەك ئەوەی خۆیان بەشێك بن لە ڕوودۆخەکە، سەرەتا و کۆتایی ڕوودۆخ نابینن، بۆیە گرنگییەکی تەواو بە بونیاتی ناوەکیی ڕوودۆخەکان دەدەن، توانەدنی ئیمپێرفێکتیڤێتیی چەقی دیوی ناوەوەی ڕوودۆخ دەگوازێتەوە، بە واتای ئەوەی بەرانبەرەکانی بانگدەکات، تا لە ناوەوە سەیری ڕوودۆخەکان بکەن، وەك ئەوەی ڕوودۆخەکە لە گەشەکردندا بێت.

هەریەک لە (Bache, ١٩٩٧: ٢٥٩) و (Comrie, ١٩٧٦: ٤) باوەڕیانوایە، کە جیاوازی لە نێوان "پێرفێکتیڤ" و "ئیمپێرفێکتیڤ"دا زیادتر بە هۆی هەڵوەستەی بکەرەوەیە کاتێك دەیەوێت ڕوودۆخەکان بە پێرفێکتیڤ یان ئیمپێرفێکتیڤ پێشکەشبکات، ئەسپێکت وەك ئامێرێکی زمانی جەختکردنەوەیە لە بارەی ڕوودۆخی دەربڕاو، کە بکەر دەیەوێت بیگوازێتەوە، بۆ زانینی زیادتر با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

١٥) أ_ باپیر نامەکەی نوسی.

١٥) ب_ باپیر نامە دەنوسێت.

لە (١٥ ــ أ)دا کردارەکە لە فۆرمی پێرفێکتیڤدایە، کە لە پێش کاتی قسەکردن کۆتایی پێهاتووە، لە ئەم بارانەدا جەخت لەسەر کۆتایی کردەی نامەنوسین کراوەتەوە، لە کاتێکدا لە (١٥ ــ ب)دا باس لە ڕوودۆخێك کراوە، کە هیچ زانینێکمان سەبارەت بە سەرەتا و کۆتایی کردەی نامە نوسینەکە نییە. لە ئەمەوەیە، کە زۆرجار دەگوترێت: جۆری ڕوودۆخ و ئەسپێکت ناوبەند پێوەند و تێکەڵاون، فۆرمی کردارێکی دیاریکراو، بۆ پرۆگرێسڤ بەکاردەهێنرێت، کە گونجاوە لەگەڵ هەندێك ڕوودۆخ، لەگەڵ هەندێکی دیکەشدا نا. لەبەرئەوە، لە زمانەکاندا، ڕەفتار، فیچەرەکانی ناوەکی و واتای کردارەکە گونجاوە لەگەڵ واتا و فۆرمێکی دیاریکراو لە کردار و ئەسپێکتدا، کە دەشێت لە زمانێکی دیکەدا وانەبێت. ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ، ڕوخسارگەلێك لەخۆدەگرێت، کە بەپێی پێڕەوی ئەسپێکتی پێیدەگوترێت: ئیمپێرفێکتیڤ، کەواتە ئەو دوو لایەنە بە شێوەیەکی کەرتی دەچنەسەریەك، بۆ نموونە، ئیمپێرفێکت پرۆگرێسڤ لەخۆدەگرێت بەڵام پرۆگرێسڤ ئیمپێرفێکت لەخۆناگرێت.

**تایبەتمەندیی ئیمپێرفێکتیڤ:**

(أ) دووبارەبوونەوە، بناخەی بونیاتی ئەسپێکتی نەریتییە، وەك ڕەفتاری سەرەکیی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ چاوی لێدەکرێت، هەر کات ڕووداوێکی تاك بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دووبارە و سێبارە دەبێتەوە، ستەیتیڤێتیی دووبارەبوونەوەی ناسنوردار لە ئیمپێرفێکتدا ڕوودەدات.

(ب) ئیمپێرفێکت وەك ناسادە مامەڵەدەکرێت، و بە هۆی پێشگرەوە (وەك نیشانە ڕێزمانییەکان) دیاریدەکرێت، بونیاتی ڕابردووی ئیمپێرفێکتیڤ بە هۆی لێکدانی تێنسی— ڕابردوو لەگەڵ نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤدا، هەروەها هەندێکجاریش بە هۆی کاری بەیاریدەوە بونیاتدەنرێت، هەروەها پاشگری نیشانەی بکەری، بە نموونە لە زمانی عەرەبیدا، بە ئەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نوسی | کتب | He wrote | پێرفێکتیڤ |
| دەنوسێت | یکتب | He is writing | ئیمپێرفێکتیڤ |
| دەینوسی | کان یکتب | He was Writing | ئیمپێرفێکتیڤی ڕابردوو |

(پ) ڕابردوو نیشانەکراوە، ئەوە بڕاوەتەوە، کە ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو بەخۆوەدەگرێت، ئیمپێرفێکتیڤ دیارینەکراوە، لە نێو خۆیدا ئاماژەکردنی کاتی داهاتوو لەخۆدەگرێت لەگەڵ یان بەبێ زیادەی زمانی دیکە. کردارەکانی کوردی پێرفێکتیڤ یان ئیمپێرفێکتیڤن، وەك زمانی ڕووسی، بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆژی ڕەگی کرداری وەرگیراو هەمیشە مەیلی بە لای ئەوەدایە، کە بناخەی ئیمپێرفێکتیڤ دروستبکات. لە مەودای

ئیمپێرفێکتیڤێتیدا، نیشـــانە ڕێزمانی و پەراوێزییەکان ئەرکی گەورەیان دەکەوێتەســـەر، کاتیگۆریی پڕۆگرێســـڤ، لە کوردیـدا نیشـــــانەنەکراوە، بۆیە دەکەوێتە مەودای ئیمپێرفێتکتیڤێتییەوە، کوردی مۆرفیمی ســـەربەخۆ بەرانبەر بە نیشـــانەی پڕۆگرێســـڤ "-ing"ی ئینگلیزی نییە، لە ئەســـــپێکتی پڕۆگرێســـــڤی لە ڕابردوودا، بونیاتی واتایی نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤ بە "دەـــــ + قەد" یان بە بێ زیادەی زمانی دیکە خوێندنەوەی "was/were + -ing" وەردەگرێـت، کە فۆڕمی داڕشـــتنێکی مۆرفۆلۆژیکەڵی بەخۆوەدەگرێـت، بە خوێنـدنەوەی کردەی نەریتییەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئیمپێرفێکتیڤ دەکات.

## ٤.٢ بارودۆخی چرکەساتی punctual

لە هەر زمانێکدا دەشـــێت بارودۆخی "کۆکین" وەك نموونەی یەکەمی توخمی خۆیی بارودۆخە کورتخـایەنەکان هەژمـاربکرێـت، بە تایبەت "کۆکین"، "پژمین"، یان "لە دەرگادان"ی تاك، بە گشـتی "کۆکین" لە فۆڕمی ئەسـپێکتی پڕۆگرێسـڤدا، کە واتای ئیمپێرفێکتیڤێتی دەگەیەنێت، بۆیە کاتێك دەگوترێت:

١٦)        باپیر دەکۆکێت.

کردەی ئەم ڕســـــتەی (١٦) دەکرێت، وەك زنجیرەیەك لە کۆکین لە کاتدا درێژببنەوە. دیارە، نابێت ئەوەش لەبیربکەین، کە تەنانەت یەك کۆکەی تاکیش نابێت بە تەواوی کورتخایەنی وابێت، کە لە لە کاتدا درێژنەبێتەوە، بۆیە زمانەوانەکان لە جێگەی زاراوەی کـــورتخـــایەنی "punctuality"، زاراوەیەکـــی دیـــکە بە ناوی "semelfactive"بەکاردەهێنن، کە هـاوتایە بە ڕووداوی "چرکەســـــات"، کە بە پێچەوانەی بارودۆخی کورتخایەنەوە واتای ئەوە دەدات، کە بارودۆخی دیاریکراو تەنیا یەکجار ڕوودەدات، بۆ نموونە، "پژمین"، کۆکین" یان لە دەرگادان"ێکی تاك. دواجار دووبارەوەبوونەوە بە گشـــتی زنجیرەیەك لە هەریەک لە ئەو ڕووداوانە لەخۆدەگرێت .(Comrie, ١٩٧٦: ٢٨)

بە ئەم شـــێوەیە بارودۆخی چرکەســـاتی باس لە ئەو بارودۆخانە دەکات، کە زۆر کورتخایەنن، یا لە هەقیقەتدا کاتیان ناوێت، بە واتایەکی دیکە مەبەســت لە بارودۆخی چرکەســـاتی ڕوودان یان کردنی کارێك لە کاتێکی لەباردا، یان ئاماژە و گەڕانەوە بۆ ڕووداو یان کردەیەك، کە لە کات و شوێنێکی تایبەتدا ڕوودەدات، ئەوە بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخانەیە، کە لە ماوەیەکی دوورتر لە کاتدا ڕوودەدەن و دەخایەنن، لە بواری ئەسـپێکتدا "کورتخایەنێتی" بە واتای چۆنیەتیی بارودۆخی باسـکراو دەگەیەنێت، کە لە کاتـدا درێژنابێتەوە، بەڵکو ئەوانە دانەیەکن لە بارودۆخی کورتخـایەن، بە گشـــتی بارودۆخە کورتخـایەنەکان هیچ مـاوەدووررییەکی ئەوتۆ بەخۆوەناگرن، کە شـــــایانی باســـــکردن بێت، بۆیە بارودۆخە کورتخایەنەکان بونیاتی دیوی ناوەوە بەخۆوەناگرن، ئەوانە زیادتر بارودۆخی داینامیکن و بەشـــێك نابن لە بارودۆخی ئیمپێرفێکتیڤێتی، کە لە ئەوێدا قسەکەر و نێرەر دەبـێـتە بەشێك لە ڕووداوەکە و بونیاتی دیوی ناوەوە بۆ خوێنەر و گوێگرەکان دەخاتەڕوو، ئـەمە وادەکات کە بارودۆخە کورتخایەنەکان لەگەڵ کاتیگۆریی ئیمپێرفێکتیڤدا نەگونجاوبن (Smith, ١٩٨٣:٤٧٨).

## ٥.٢ ئاڕاستەکراو و لەخۆگرتن

بە شوێن (Bache, ١٩٩٧: ٢٤٢)ــەوە شیمانەی ئەوە دەکەیەن، کە ئاڕاستەکراو و لەخۆگرتن بە ئەم شـێوەیە دیاریبکرێت، بە جۆرێک "بارودۆخی ئاڕاســتەکراو بریتییە لە بارودۆخی گەشـــەکردن (پڕۆگرێســـڤ)، بەرەو پێشـــەوە، بەڵام خاڵی کۆتایی لەخۆناگرێت، کە لە دوایەوە بارودۆخەکە ناتوانێت بەرەو پێشـــەوە بچێت، ئەگەر دووبارە دیارینەکرێتەوە. بارودۆخی لەخۆگرتنی خۆییش بریتییە لە بارودۆخی ئەتێلیکی و وا بەخەیاڵدادێت، کە نە پێوەندیی هەبێت، نە خاڵی سروشـتی کۆتایی هەبێت"، لە ئەم ڕوانگەیەشـــەوە دەکرێت ئەم نموونانە جیاوازی لە نێوان ئاڕاســـتە directed و هەبوون لە نێو خۆدا self-contained، نیشانبدەن:

١٧)   أ)   باپیر کـۆخـێکی بچووکی لـە بـاخـەکـەیدا دروسـتـدەکـرد.

١٧)   ب)   باپیر بـەرەو ئـاڕاسـتـەیـەکی هـەڵە ئـۆتۆمبێلی لـێدەخـوڕی.

١٧)   پ)   کاتێک من چوومە ژوورەوە، بـاپـیر کـتـێبی دەخوێندەوە.

١٧)   ت)   بـاپـیر بـە درێـژایی شـەقـامـەکـانی بـاخەکـە پـیاسـەیدەکرد.

لە ڕسـتەکانی (١٧)دا (أ) و (ب) ئاڕاسـتەکراون، بە شـێوەیەک بارودۆخی ئەتێلیکی تێیاندا پێوەندیی بە خاڵی کۆتایی دواتریانەوە هەیە، بارودۆخی باســـکراو وا دەهێنێتە تێگەیشـتن و پێشـچاو، وەك ئەوەی بەرەو پێشـەوە ئاڕاسـتەکراوبێت، بەڵام پێویسـت نییە بگاتە خاڵی کۆتایی سروشـــتی، هەریەک لە ڕســـتەکانی دیکەش، یاخود (پ) و (ت) بریتین لە هەبوون لە نێو خۆدا، لە ئەمەشـــــدا، ئەوانە بارودۆخی ئەتێلیکی دەردەبڕن، کە پێوەندییان بە خاڵی کۆتایی سروشـــتیی بارودۆخەکەوە نییە، بۆ نموونە بارودۆخی "خوێنـدنەوە" و "پیـاســـەکردن"، باس لە بارودۆخێـك دەکەن، کە بە شـــێوەیەکی نادیاریکراو بەردەوامـدەبن، هەروەهـا مەرج نییە "باپیر" لە (پ)دا خوێندنەوەی کتێبەکە تەواوبکات و لە (ت)، درێژی شـــەقامەکە دیارینەکراوە، بۆیە خولانەوەیە لە ناوخۆدا.

لە دەرئەنجامی ڕوونکردنەوە و نموونەکانەوە دەشـــێت، بگوترێت: پێوەندیی بەهێز لە نێوان باری سـەرنج و جۆری بارودۆخدا هەیە، پێوەندییەکی وەها ناتوانرێت لە نێوان بارودۆخ و کات، یان لە نێوان بارودۆخ و واتای ئەســـپێکتیدا هەبێت، بۆیە بە لای Bachـــــەوە دەگونجێت، بیر لە بارودۆخ بکرێتەوە بێ ئەوەی لە کاتدا دابنرێت، لە هەمو زمانەکاندا بکەرەکان ڕێگەی ڕێکخراوی جێبەجێکەرانە/ پڕاکتیکییان سـەبارەت بە کۆدکردنی بارودۆخی باسـکراو هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوە بە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینە کارە نا-دیاریکراوەکان و بە ناوی کراوەکانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، سەبارەت بە کوردیش دەشێت ئەم نموونانە بهێنینەوە:

١٨)   أ)   شێنێ بە خێرایی پەتاکەی تێپەڕاند.

١٨)   ب)   بە مەبەستی تێپەڕاندانی پەتا، پێویستت بە خواردنی دەرمان هەیە.

١٨)   پ)   تـێپـەڕانـدنی خـێـرای پـەتـا، هـەمیشـە بـایـەخی تـایـبەتی پێدەدرێت.

بە سەرنجدان لە ئەم نموونانەوە دەردەکەوێت، کە ڕستەی (١٨ ـــــــ أ) لە ڕابردوودا دانراوە، کە خوێندنەوەی ئەســـپێکتی پێرفێکتیڤ وەردەگرێت، ئەســـپێکتێکی لە ئەو جۆرە ئەو خوێندنەوانانە وەردەگرێت، یەکهەم: کردەوەیی ــ actional ، دوهەم: کاتی (ڕابردوو) و سێهەم: ئەسپێکتی (پێرفێکتیڤ) بە ئەم شێوەیە، هەر فۆڕمێك ئەو سێ لێکدانەوانانە هەڵدەگرێت. ڕسـتەی کلۆزی (١٨ ـــــــ پ)ش چاوگی بکەری نا-دیاریکراوی لەخۆگرتووە، کە باس لە هەمان بارودۆخ دەکات، وەك ئەوەی لە (١٨ ــ ب)دا هەیە، بەڵام جیـاوازییەکە لە ئەوەدایە، کە بارودۆخی "تێپەڕانـدانی" لە کاتـدا دانەنراوە، هەر واتایەکی تەواوبوو بو تێپەڕانـدنەکە وەك بارودۆخی کورتخـایەن وەردەگیرێت. بە کورتی ئەوەی لە (١٨ ــ ب)ـەوە وەریدەگرین، کردەوەیی بەڵام کات و ئەسپێکتییە، هەمان شت بۆ (١٨ ــــــ پ)ـــش دەگوترێت، کاتێك دەبینی کە "تێپەڕاندن" لە ئاوەڵکرداردا دەردەبڕێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

### ٢. ٦ تایبەتمەندیی ئەسپێكتی

"ئەســـپێكت" ئەوە دیاریدەكات، كە چۆن تەوژمی كات لە ڕســـتەی دیاریكراودا لەبەرچاودەگیرێت، وەك ئەوەی لە بابەتەكانی پێشـــوودا خرایەڕوو، "ئەســـپێكت" لە كوردیدا زۆر موجەرەد/ نابەرهەستەیە، بە جۆرێك لە:

**یەكەم: ئەسپێكتی پرۆگرێسف:** كردەكە وا پێشكەشدەكرێت وەك ئەوەی بە شێوەیەكی كاتی لە پرۆسەی ڕوودان‌دا بێت، بە جۆرێك قسەكەر جەخت لەسەر خاڵێك دەكاتەوە، كە نە سەرەتایە و نە كۆتایی، بەڵكو ناوەڕاستە، بۆ نموونە:

١٩) لافاو وا شارەكە وێراندەكات.

**دووەم: ئەســـپێكتی پێرفێكـت/ تەواو:** كردەكە وا لەبەرچـاودەگرێـت وەك ئەوەی تەواوبووبێت، بەڵام كاریگەریی كردەكە ئەگەر بەشـــێكیشـــی نەكەوتبێتە دوای خاڵی قسـەكردنەوە، ئەوە كاریگەرییەكەی بەردەوام دەبێت، بە واتا باسـكردنی ڕووداوێكە لە ڕابردوو بە كاریگەریی ئێســـتاوە، یاخود مانەوەی كاریگەریی كردەی كردارەكە تا كاتی قسەكردنەكە، بۆ نموونە:

٢٠) لافاو شارەكەی وێرانكردووە.

**سێیەم: ئەسپێكتی ئیمپێرفێكتیڤ:** كردەكە وا دەبینرێت، وەك ئەوەی لە پێش كاتی قسەكردنەوە ڕوویدابێت، بەڵام بەردەوام بێت بە كۆتاییەكی نادیاریكراوەوە لە دوای كاتی قسەكردنەوە، بە نموونە كاتێك دەگوترێت:

٢١) لافاو شارەكەی وێراندەكرد.

**چوارەم: ئەسپێكتی پێرفێكتیڤ:** كردەكە لەبەرچاودەگرێت، وەك ئەوەی لە پێش كاتی قسەكردنەوە تەواوبووبێت، بۆ نموونە:

٢٢) لافاو شارەكەی وێرانكرد.

## ٣. لێكچوون و جیاوازیی ئەسپێكت لەگەڵ تێنس و موددا

هەریەك لە كاتیگۆرییەكی كردار لە زمانە جیاوازەكاندا، خاوەن تایبەتمەندی، ئەرك و ڕەفتاری تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لە زۆر لایەن و تایبەتمەندیدا، لایەنی لێكچوویان زیاترە وەك لە لایەنە تایبەتخۆكان، بۆیە ئەم پـارە ســـەبارەت بە ناوبەنـد پێوەنـدیی "ئەســـپێكت"، لەگەڵ كاتیگۆرییەكانی "مود" و "تێنس" تەرخـانكراوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتن و پشتبەست بە ئەو مەیدان و ناوچە پانوپۆڕەی، كە ئەسپێكت لەگەڵ تێنس و موددا تێیدا هاوبەشن.

### ٣. ١ ناوبەند پێوەندی و كارلێككردن لە نێوان ئەسپێكت و تێنسدا

ناوبەند پێوەندی لە نێوان كاتیگۆریی ئەسـپێك و تێنسـدا بە شـێوەیەكە، ئاسـان نییە، كە بتوانرێت هێڵێكی جیاكەرەوە لە نێوانیاندا بكێشرێت، بۆ ئەو مەبەســـتە دەكرێت ئاوڕێك لە پێناسەی هەریەكەیان بدەینەوە، كە لەگەڵ كاتدا مامەڵە دەكەن، بە گوتەیەكی دیكە زانســـتی زمانی ســـەردەم هەریەك لە ئەو كاتیگۆرییانە بە جیا دەناســـێنێت، یا قسـەیان لە بارەوە دەكات، بە نموونە (Comrie, ١٩٧٦: ١٠) پێیوایە، "تێنس كاتی بارودۆخی ئاماژەبۆكراو بۆ هەندێك كاتی دیكە دەگەڕێنێتەوە، كە دەكرێت ئەوە بۆ دوواوە و بۆ پێشـــەوە پەیوەســـت بە كاتی قســـەكردنەوە بەڕێوەبچێت". لە كاتێكدا ئەســـپێكـت بریتییە لە "ڕێگەی جیـاواز بۆ تێڕوانین لە بونیـاتی ناوەكیی كاتی بارودۆخەكان"، هەرچەنـد لە لایەكی دیكەوە باس لە ئەوە دەكرێـت، كە بەهـای ئەســـپێكـت پێوەندیی بە بەهای تێنســـەوە، بە تایبەت لە بواری "پێكەوەنەگونجان In Compatibility"دا هەیە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا جەختكردنەوەیە لەســـەر بەهای فۆڕمی تێنس، كە دەكرێت ئەســـپێكت لە مەودا و فۆڕمی تێنســـەكانەوە هەڵبسەنگێنرێت.

پشـتبەســـت بە ئەو تێڕوانینەی، تێنس كاتیگۆرییەكی ڕێزمانییە و پێوەندیی بە كاتەوە هەیە، ئەسپێكتیش كاتیگۆرییەكی ڕێزمانییە و پێوەندیی بە باری سـەرنجی قسـەكەرەوە هەیە، ســـەبارەت بە كردەیەكی دیاریكراو لە دونیـای هەقیقەتـدا، كەواتە تێنس و ئەســـپێكت دوو كاتیگۆریی لە یەكدی جودان، بۆیە ئەم باســـە دەتوانێت لەســـەر لێكدانەوەی واتایی كاتیگۆرییەكانی ئەسـپێكت و تێنسـەوە دەسـتپێبكات، ئەویش بە جۆرێك ئەسـپێكتی پێرفێكتیڤ لە كوردیدا، وەك ئینگلیزی بە شـێوەیەكی ڕووداوی وەریدەگرێت، زمانەوانە ئینگلیزەكان كۆكنین ســـەبارەت بە ئەوەی، كە ئایا پێرفێكتی ئینگلیزی نیشانەی تێنسە یان ئەسپێكت، بە لای (Ogihara)یشـــەوە شتێك، كە ڕونەبێت ئەوەیە، كە لە نێوان واتای ڕابردووی ســـادە و واتای ئەســـپێكتیدا هەیە، چونكە لە ڕوانگەیەكەوە پێرفێكت لە ڕابردووی ســـادە دەچێت، لە ئەوەدا، كە كاردەكات، تا ڕووداوێك لە ڕابردوودا دانێت پەیوەست بە كاتی قسەكردنەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو بونیاتەدا هەیە، پێرفێكت هەمیشـــە مامەڵە دەكرێت وەك ئەوەی بونیاتێكی ئەســـپێكتی بێت، هەر بۆیە (Comrie, ١٩٧٦: ١٠) پێیوایە، كە ڕســـتەی ڕانەبردووی پێرفێكت جۆرێكە لە پێوەندیی هەنووكەیی ڕووداوەكە، یان بارودۆخەكە بە هۆی ڕســـتەكەوە دیاریدەكرێت، بۆ ڕوونكردنەوەی پتر با بڕوانینە ئەم نموونەیە:

٢٣) باپیر كتێبەكەی ونكردووە.

ڕســـتەی (٢٣) تەنیا ئەوە نیشـــانادات، كە "باپیر" كتێبەكەی ونكردووە، بەڵكو ئەوەشە، كە كتێبەكە تا ئەم كات و ساتە نەدۆزراوەتەوە، كەواتە بە هۆی ئەو پێوەندییە بە ئێســـتاییەتییەوە، خوێندنەوەی ڕانەبردووی پێرفێكت پێویســـت دەبێت، ئەمە لە كاتێكدا لە كلۆزی تێنسیدا پێرفێكت بە هۆی ئەو هەقیقەتەوە دیاریدەكرێت، كە ڕێگە بە پێكەوە ڕوودانی ئاوەڵكردارەكان نادات، كە ئاماژە بۆ ماوەی ڕابردووی دیاریكراو دەكات، بۆ نموونە: دوێنێ، شـــەوی ڕابردوو، دوو ســـاڵ پێش ئێســـتا و هەروەها. ئەوانەی خوارەوە (أ) و (ب) ڕێزمانین لە كاتێكدا (پ) و (ت) نا.

٢٤) أ) باپیر دوێنێ شـەو كـتێبـەكـەی ونكرد.

٢٤) ب) باپیر دوو سـاڵە زانكۆی تەواوكردووە.

شەهادەكەی پێیە، وەك بەرهەمی چەند ساڵەی

٢٤) پ) * باپیر دوێنێ شەو كتێبەكەی ونكردووە.

٢٤) ت) * باپیر دوو ساڵ پێش ئێستا زانكۆی تەواوكردووە.

لە لایەكی دیكەوە پێرفێكت بە شـێوەیەكی واتایی وەك لێكدانەوەی ڕابردووی سادەیە، زۆر لە فۆڕمەكانی پێرفێكت بە پێچەوانەی ڕابردووی تەواو یا ڕانەبردووی پێرفێكت لە كلۆزی تێنســـیدا دەتوانێت لەگەڵ ئاوەڵكرداری كاتیدا ڕووبدەن، كە ئاماژە دەكات بۆ ماوەی ڕابردووی سادە، بۆ نموونە:

٢٥) أ) شێنێ، گوتی: مـن مۆبـایلـەكەم ونكرد.

٢٥) ب) شێنێ، گوتی: من مۆبایلەكەم ونكردووە.

Original Article |DOI: https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

٢٥) پ) شێنێ، گوتی: کە مۆبایلەکەی ونکردبوو.

لە ڕوانگەی پێناسەکانەوە، ڕستەی (٢٥ ـــــ أ) دەتوانێت، لێکدانەوەی ڕابردووی سادەی هەبێت، بەڵام ڕستەی (٢٥ ـــــ ب)ش تەنیا لێکدانەوەی ئەسپێکتی وەربگرێت، چونکە ئەوە کلۆزێکی دیاریکراوە لە ڕابردووی تەواودا، هەرچی ڕستەی (٢٥ ـــــ پ)شە وا دەبینرێت، کە ئاڵۆز بێت لە نێوان لێکدانەوەی ئەسپێکتی و ڕابردووی دووردا.

بە ئەم شێوەیە هەرسێ کاتیگۆرییەکانی "تێنس"، "ئەسپێکت" و "ئەکشنسارت" ناوبەند پێوەندن، ڕاستییەکەش ئەوەیە، کە لە باری سەرنجی " تێنس"ەوە، "ئەسپێکت"، "مود" و "کردە"، لە ڕێزمانی گشتی و لە هەر زمانێکی تایبەتدا، بە ڕێگەی جیاواز بەکۆددەکرێن، هەریەك لە ئەوانە دەشێت جۆرێك لە دەستەڵات باڵای فۆرمەڵی لەسەر ئەوەکەی دیکە هەبێت یان وەربیگرێت. لە هەندێك زماندا وا دەردەکەوێت، کە تێنس بە شێوەیەکی فۆرمەڵی لە پێڕەویی کرداردا بەدەستەڵات و گرنگتر بێت لە ئەوەکانی دیکە، ئەمە لە هەمو زمانەکاندا چوونیەك نییە، دەبینی لە زمانێکی دیکەدا ئەسپێکت لە پێڕەوی کرداریدا باڵادەسترە. ئەوەش پشت بە جۆر و زمان دەبەستێت، لە پێناو ڕوونکردنەوەی پتر ئەم نموونەیەش دەهێنینەوە:

٢٦) باپیر دوێنێ ڕایکرد.

لە ڕستەی (٢٦)دا وەك دەردەکەوێت بە سێ ڕێگەی جیاوازەوە ئاماژە بۆ کات کراوە، یەکەم: نیشانەی تێنسی ڕابردوو {ـــــ د}، کە ئاسایی لەکوردیدا دەچێتە سەر قەد، و پێیان دەڵێت: کردەی "ڕاکردن" لە کاتێکدا بووە، کە دەکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە. دووهەم: خودی کارەکە "ڕاکردن" لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوە، پێرفێکتە، قسەکەر لە دەرەوە سەرنج لە بارودۆخی ڕاکردن دەدات، و بەشێك لە ئەزمونی ئەو پێکناهێنێت، لە ئەمەوە تێدەگەین، کە بارودۆخەکە پێش کاتی قسەکردن ڕوویداوە، جۆری بارودۆخ چالاکییە، ئەتێلیکە و دەشێت ماوەیەك لە کاتدا بخایەنێت، واتە کورتخایەن نییە. سێیەم: دەربڕاوی ئاوەڵکرداری "دوێنێ" بە هەمان شێوە پێماندەڵێت: چالاکیی "ڕاکردن" لە کاتێکدا ڕویداوە، کە دەکەوێتە پێش ئەو کاتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، کە ئەمڕۆیە، هەمو ئەوانە هێشتا پێماناڵێن: ماوەدووری چالاکیی "ڕاکردن" چەنید لە سەرجەمی ماوەدووریی دوێنێ، کە بە ١٢ بۆ ٢٤ کاژێر مەزندەدەکرێت، داگیردەکات، کەواتە هەریەك لە ئەو کاتیگۆرییانە بە شێوەیەکی واتایی سەربەخۆن، بەڵام دەکرێت فۆرمێکی دیاریکراو لە باری سەرنجی چەندین کاتیگۆریی جیاوازەوە لێکبدرێتەوە، ئەوەی پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لێکجیادەکاتەوە ئەوەیە، کە نیشانەی تێنس وەك نیشانەی ڕێزمانی لە ڕابردوودا دەچێتە سەر قەد، و ئەرکی باسکردنی بارودۆخ لە ڕابردوودا بە فۆرمەکە دەدات، لە کاتێکدا "دوێنێ" وەك ئاوەڵکرداری کات دەشێت دیاریکردنی قەوارەی ئەسپێکتیش لەخۆبگرێت، چونکە ماوەدوورییەک لەخۆدەگرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە ناوبەند پێوەندیی تێنس و ئەسپێکت لە ئەوەدایە، کە تایبەتمەندییەکی دیکەی دیاری تێنسی ڕانەبردوو، کە وەك دانەیەك لە واتایەکی پەراوێز (درێژەپێدراو)ی ئەو تێنسە لەبەرچاودەگیرێت، ئەویش بە ئاماژەکردن بۆ هەقیقەتی هەمیشەیی، بۆ نموونە:

٢٧) مانگا گیا دەخوات.

٢٨) بزن گیا دەخوات.

لە ڕستەکانی (٢٧ و ٢٨)دا ئاماژە بۆ کاتی ئێستا کراوە، ئەویش بە دانەپاڵی ڕاستیی هەمیشەیی بۆ ئەو دەربڕینانە لەسەر بناخەی نیازمەندی و هۆکاری زمانی زیادە لەپاڵ واتای خودی تێنسی ڕانەبردوودا، هەروەها لە لایەکی دیکەوە هەمیشەیەتی دەتوانرێت بە هۆی ئاوەڵکرداری کاتیشەوە بونیاتبنرێت. بۆ نموونە: "مانگا هەمیشە/بەزۆری/بەگشتی/زۆربەی کات گیا دەخوات"، کە کاریگەریی لەسەر واتای تێنسەکە نییە.

### ٣. ٢ ناوبەند پێوەندی و کارلێککردن لە نێوان ئەسپێکت و موددا

ئەوەی زۆرینەی زمانەوانەکان لە بارەیەوە کۆڕان، ئەوەیە، کە پێڕەوی مۆداڵی زوربەی زمانە باوەکان بە شێوەیەکی واتایی بە تەنیا، یا بە شێوەیەکی بنچینەیی پێوەندییان بە کردارەکەوە نییە، بەڵکو بە هەمو ڕستەکەوە پێوەندیدارە (Palmer, ١٩٨٦: ٢)، ئەمە لە کاتێکدا ئەسپێکتیش کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە و پێوەندیی بە باری سەرنجی قسەکەرەوەوە هەیە، سەبارەت بە کردەیەکی دیاریکراو لە دونیای هەقیقەتدا، بەڵام هەرچی مودە، ئەوا کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە پێوەندیی بە بەڵێنی قسەکەرەوە هەیە لە بواری حاڵەتێکی واقیعی/کەتواری ئەو شتەی، کە دیلێت: "دڵنیایی تەواو، دڵنیایی یان گومانکردن" دەردەبڕێت (Lyons, ١٩٦٨: ٣٠٧)، کەواتە مود دەتوانێت، کە لایەنی لێکچوو و جیاواز لە نێوان کاتیگۆرییەکانی مۆداڵی "زانینگەرایی" و مۆداڵی "پەیمان و ئەرك" بخاتەروو، بۆ نموونە:

٢٩) ئۆتۆمبێلەکەی باپیر لەبەر دەرگایە، دەبێت ئێستا لە ماڵەوە بێت.

٣٠) باپیر ڕۆژانی شەممە دەوامی نییە، پێویستە ئەمڕۆ لە ماڵەوە بێت.

کەواتە لە دەرئەنجامی نموونە و ڕوونکردنەوەکانەوە دەشێت، بگوترێت: ئەمانە لەسەر بنەمای ڕێزمانی سینتاکتیکی لێکجیادەکرێنەوە، بە جۆرێک ئەسپێکت بە هۆی گەردانی کردارەکانەوە بەئەنجامدەگەیەنرێت، بەڵام مود بە ڕێگەی گۆڕانی کردارەکان و کردارە مۆداڵەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە، پێویستبوون، شایانبوون، ئارەزووکردن، ویستن، و ... تاد. .

بە ئەم شێوەیە، کاتیگۆریی "مود" سێیەم کاتیگۆرییە، لە پاڵ "تێنس"و "ئەسپێکت"دا، کە پەیوەست بە فۆرمی کردارەوە یا لە سنوری کرداردا توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت، جیاوازیی لە نێوان ئەو کاتیگۆریانەشدا، ئەوەیە، کە "ئەسپێکت" و "تێنس" بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆژیکەڵی لەسەر فۆرمی کردارەکان نیشانەکراون، بەڵام کاتیگۆریی "مود" بە زاراوەکراوە، و هەر کردارێکی مۆداڵی بە لانی کەمەوە دوو "واتا" بەخۆوەدەگرێت، کە خۆیان لە واتای "زانینگەرایی" و "بەڵێن و ئەرك ..." دا دەبیننەوە، وەک ئەوەی لە نموونەکانی (٢٩ و ٣٠)دا هاتووە، هەر لەبەر ئەمەیە، کە (Khomutova, ٢٠١٤: ٣٩٥) باوەڕیوایە، کە "مود" هەڵسەنگاندنێکی کەسییە (--- )، سەبارەت بە ڕاستی و ناڕاستیی بارودۆخی باسکراوەوە.

سەبارەت بە جیاوازیی نێوان ئەم کاتیگۆرییانەش دەشێت ئاماژە بە ئەوە بدەین، کە واتای نەریتی دەکەوێتە سەر سنوری سێ پێڕەوی: تێنس، ئەسپێکت و مودەوە، کەواتە دەتوانین نەریت بە هۆی تێنسەوە دەربڕین، بۆ ئەو مەبەستە، تێنسی ڕانەبردوو گونجاوە، چونکە دەتوانێت بارودۆخەکان بە درێژایی کاتێکی گەورەتر دابنێت، هەروەها نەریت دەشێت بە هۆی ئەسپێکتەوە بێت، لەبەر ئەوەی ئەسپێکت ئاماژە بۆ دیوی ناوەوەی کاتی چوارچێوەی بارودۆخەکان دەکات، بۆ نموونە:

٣١) جگەرەی دەکێشا.

Original Article |DOI: https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨

بەڵام کاتێك بارودۆخەکە بەشـێکی زۆر لە کات داگیردەکات، ئەوا دەشـێت نەریت مۆداڵ بێت، چونکە هاوبەشی لە بە ئەندامبووندا دەکات لەســەر ســنوردارکردن سـەبارەت بە دونیای هەقیقی بۆ گشـتکاری سـەبارەت بە دونیای چاوەڕوانکراو لە ئەوەی خرایەروو، دەشێت پوختەی قسەکانی (Comrie, ١٩٧٦: ٤٠) ئەوەبێت، کە هیچ زمانێك بە هۆی تێنسی ـــ بەرانبەرییەوە جەخت لە بارەی نەریتەوە ناکاتەوە، بەڵکو دەربڕینی نەریتی ڕێزمـانی هەمیشـــە لەگەڵ پێڕەوی مۆداڵ و ئەسـپێکتـدا یەکدەگرێتەوە لە بری پێڕەوی تێنسی لە زماندا.

## ئەنجامەکان

**لە ئەنجـامی شـیکردنەوە و لێکـدانەوە تیـۆری و جێبەجـێکەرانەکانی ئەم توێژینەوەیە، چەند ئەنجامێک دەستەبەر دەکرێت:**

١. ئەسپێکت، جەختکردنەوە و باری سەرنجە لە بارەی بارودۆخی دەربڕاوەوە، بۆیە دەشـێت، بگوترێت: ڕاسـتەوخۆ جەخت لە سـەرەتا، ناوەڕاسـت و کۆتایی بارودۆخەکان دەکاتەوە، هەروەها پیشاندەڵێت: چۆن بارودۆخ یان کردەکان ڕەفتار لەگەڵ "کات"دا دەکەن، بە جۆرێک ئایا ڕووداوەکان لە باری تەواو، بەردەوام یان لە دووبارەبوونەوەدان یان نا.

٢. ئەسـپێکت، زاراوەیەکە بۆ پەسـەنکردنی ئەو کاتەی بارێک تێیدا ڕوودەدات بەکاردەهێنرێت، و نواندن و ڕێکخستنیشی بە دوو ڕێگەی جیاوازدەبێت، یەکەمیان: ئەسـپێکتی فەرهەنگییە، کە بە هۆی کردە و بارودۆخی کردارەوە دیاریدەکرێت، دوهەمیان: ئەسپێکتی ڕێزمانییە، کە پیواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییە، واتە لە ڕێگەی مۆرفیمە تایبەتەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت.

٣. زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی دیکە فۆڕمی ئەسـپێکتی لە تێنسی ـ پێرفێکتیڤدا بەخۆوەدەگرێت، کە بارودۆخی ئێسـتایی دەردەبڕێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەی بونیات و بناخەی ئەسپێکت لە بنچینەدا لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان بارودۆخی پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤێتی دامەزراوە.

٤. ئەسـپێکتی پێرفێکتیڤی دوو شـتمان پێدەڵێت: یەکەم زانیارییەك کە قسـەکەر لە دەرەوە و وەك دانەیەکی یەکگرتوو (پێکهاتوو لە سـەرەتا، ناوەڕاسـت، و کۆتایی) سـەیری بارودۆخەکە دەکات، دوهەم، پێماندەڵێت: ئەوە لە کاتێکدا ڕویداوە، کە دەکەوێتە پێش کاتی قسەکردنەوە.

٥. هەریەک لە پێڕەو و کاتیگۆرییەکانی تێنس، ئەسـپێکت و مود، مامەڵە لەگەڵ فۆڕمی تێنسـدا دەکەن، و نواندن و ڕێکخسـتنی تایبەت بە خۆیان هەیە، جیاوازیی هەرە گرنگیش لە نێوان تێنس و ئەسپێکتدا ئەوەیە، کە تێنس لە فۆڕمێکی دیاریکراوی کرداردایە، کە واتاکەی ئاماژەکردن بۆ کاتی ڕووداوی پیواژۆکان لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەسـپێکت تایبەتمەندیی ڕوودانی کردارێکە، و کردەیەکە لە لایەنی ناوەکیی کرداردایە، ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە پێوەندیدارەکانی کات، وەک تەواوبوون، ماوەدرێژی و دووبارەبوونەوەی کردارێک.

٦. لە زمانی کوردیشدا، وەک گشت زمانەکانی دیکە هیچ کردارێک بێ کات، و هیچ کاتێکیش بەبێ نیشانە و مەبەست نابێت، بۆیە کاتیگۆریی ئەسپێکت کاتی ئاماژەکردن بەکاردەهێنێت، تاوەکو گۆشـەنیگای کاتی لە سـەر بارودۆخەکە لە کاتی ڕوودانەکە پێشکەشبکات، بەڵام کاتیگۆریی مود کاتی قسەکردن بەکاردەهێنێت، تا گۆشەنیگای کاتی لەسەر بارودۆخ لە کاتی ڕووداوەکەوە نیشانبدات.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد، مەحموود فەتحوڵلا و حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز حەمەئەمین (٢٠١٨). پرۆگرێسڤ لە زمانی کوردیدا، بە بەراوردی زمانەکانی تری وەک ئینگلیزی و فارسی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Vol. (٥)، No. (١)، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و ئەحمەد، مەحموود فەتحوڵلا (٢٠١٩). کارە ئەسپێکتییەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Vol. (٦)، No. (٣)، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

عەبوزێد، سانیا جەبار (٢٠١٢). ئەسپێکتن کاری ـــــ د کوردیا سەریدا، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، سپیرێز، دهۆک.

قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣). بەراودرێکی مۆرفۆسینتاکسی ـ لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧). فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانە (؟)، سلێمانی.

Asher, R. E. (١٩٩٤). The Encyclpedia of Language and Lingustics, VI. Oxford: Pergamon Press.

Bache, C. (١٩٨٢). Aspect and Akctionsart: Towards a SWmantic Distinction. Hornal of Linguistic ١٨, ٥٧-٧٢.

Bache, C. (١٩٩٧). Thre Study of Aspect, Tense, and action. Peter Lang.

Comrie, B. (١٩٧٦). Aspect: An Introduction to the Study of Verbal Aspect and Related Problem. Cambridge. Combridge Univesity Press.

Dahil, O. (١٩٨٥). Tense and Aspect System. Oxfoerd and New Yor, Blackwell.

Forsyth. J. (١٩٧٠). A Grammar of Aspect: Usage and Meaning in the Russian verb. Cambridge University Press, pp. xiii, ٣٨٦.

Freed, A. F. (١٩٧٩) The Semantics of English Aspectual Complementation. D. Rediel publishing Company, London : England.

Holt, J. (١٩٤٣). Etudes d 'aspect, Universite d' Aarhus. Acta Jutlandia ١٥. Holvoet A. pp. ١ – ٩.

Khomutova, Tamara N. (٢٠١٤), Mood and Modality in Modern English, Docial and Behavioral Sciences ١٥٤.

Leech, G. (٢٠٠٦), A Glossary of English Grammar, Edinburgh University press.

Lyons, J. (١٩٦٨). Introduction to Theoretical Linguistics. Cambridge: Cambridge Univesity.

Lyons, J. (١٩٧٧). Semantics I-II. London, Cambridge & New Yourk: Cambridge Univesity Press.

Palmer F. R. (١٩٨٦). Mood and Madality. Cambridge: Cambridge University Press.

Porzig, W. (١٩٢٧). Zur Aktionsart indogermanischer prasensbildungen in indogermanische Forschungen. ٤٥s. ١٥٢ ff.

Ross, John R. (١٩٦٩). Auxiliaries as main verbs. In W. Todd (Ed.), Studies in philosophical linguistics (Series ١). Evanston, IL: Great Expectations Press.

Smith, C. S. (١٩٨٣). A theory of Aspectual choice. Linguistic Society of America. Vol. ٥٩, NO. S. pp. ٤٧٩ – ٥٠١.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤٨-٥٨